# گەندەڵی و هونەری درۆکردن

## عومەر جەلال_چەمچەمال



درۆ هەمیشە قسەی مرۆڤە فاشیلەکانە ,ئەو مرۆڤانەی کە هەنگاوی ژیانیان لەسەر ئەم زاراوەیە پەیرەو کردووە.

لە هەموو کۆمەڵگەیەك دا کەسی درۆزن لە دەرەوەی بازنەی بڕوایە,چ جای ئەوەی کە کەسێکی سیاسی بێت,سیاسی لەناو کۆمەڵگەی کوردی دا پەیوەستە بە درۆوە ,بە مانەیەکی دی هەموو سیاسیەك یان بەرپرسێك کە لە شوێنێکی نەشیاو دا پۆست وەردەگرێت ئیدی درۆ لە خۆی مارە دەکات و دەبێتە مرۆڤێك بە درۆ قسە دەکات بەدرۆ بەڵێن دەدات هەر بە درۆ کارەکان ڕای دەکات.

ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە سەردەمی منداڵی و درۆ جوانەکان بەیاد بێنینەوە, دەبینین درۆکانی دایەو درۆکانی مامۆستاکانمان لێوان لێوبوون لە هەنگاو ی ئەرخەوانی بەرەو ئایندەیەکی قەشەنگ,وەلێ درۆکان جودان لە یە کتری ,درۆی سیاسیاکان پڕن لە وێنەی فەرامۆشیو کوشتنی خەونەکان .

ئەوەی من دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم درۆی گەورەی حزبەکانە لەسەرەتای ڕاپەرینەوە خۆیان پێ گۆشکردوە ,لەهەموو بۆنەو یادەکان داا هێندەی ژمارەی ئەندامەکانیان بەڵێنی بێ بەڵێن دەدەن بەڕوی گۆمەڵگەی داتەپیوی کوردیدا تەنیا یەك دەر سەدی کارەکانیان بەشێوازێکی سیستماتیك نابەنە سەر.

ئەمە سەرەتای کارەساتەکانە وا لەهاووڵاتی دەکات چی دی بەرگەی ئەم درۆ زلانە نەگرێت لەتوڕەبوونێك دا کۆی بکاتەوە و خەمی ڕۆژانەی خۆی بەدەسەلات هەڵڕێژێت بۆ وێنە ئەو ڕوداوە دڵ تەزێنەی کەلەشاری هەڵەبجەی شەهید ڕووی دا ,دەسەڵاتی کوردی وەك نەخۆشێك وایە هەتا هەست بەئازار نەکات لە مانای ئازار ناگات ,وەك قوتابیەکی تەوەزل وایە هەتا کارەکانی ڕۆژانەی کۆنەبێتەوە هەست بە تێکچڕژان ناکات .

لەم سەردەمی گلۆباڵ و کرانەوەی گۆمەڵگەی مۆدێرنە دا چی دی تاکی کورد نایەوێت لە ناو تەپوتۆزی بێزاری دا گوزەر بکات و دەیەوێت وەك هەر میلەتێکی دی دانەبڕێت لە سەردەم وشانبەشانی نەتەوەکانی دی لە پێشکەوتن دا بێت,دەسەڵاتی کوردی (ئەو دوو زلهێزەی کە بەنیازن حکومەتی یەگرتوو پێك بێنن) پێویستە بەر لەهەموو کارێك ئەوە لەیاد نەکەن کە گەندەڵی خەریکە دەیانخوات و پێویستی بەوە هەیە کە گەورەترین پرۆژەی چاکسازی لە پرۆگرمیان دا بکەن و هەرچەندە لەلایەن چەند بەر پرسێکەوە شرۆڤەی لەسەر کراوە وەلێ هەر وەك ئەو بەلێنانە وان کەخەڵکی پێ چەواشە دەکەن تەنیا وە کو وڕێنەیەك وایە

ڕوون تر بڵێم تا هەنووکە گەندەڵی ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیاد بوونە و سزای یاسای هیچ کەسێکی نەگرتووەتەوە و ئەگەر سنورێکی بۆ دیاری نەکرێت دەبێتە مۆرکێکی ڕەش بە نێوچەوانی حکومەتی یەگرتوو.

مێژووی کورد بەدەیان شۆرشی زیندووی بینیوە و هیچ کام لە شۆرشەکانی بە ئەندازەی ئەم دەسەڵاتە تاکی کوردی توشی شۆك نەکردووە و هیچ کات نەگەیشتووەتە ئەوەی تاکی کوردی وەڕسی ڕەهای بەخۆوە ببینێت,هەرگیزاو هەرگیز حیزبەکانی ئێمە ئامەدەگی ئەوەیان تیا بەدیناکریت کە بەرپرسێك لە شوێنی خۆی دوورخاتەوە لە

**دەرئەنجامی بێ بەرنامەیی ئەگەر بەرزتر نەکرێتەوە لە پۆستەکەی ,ئەشێ ئەم حیزبانە لە خاڵی دۆگما دا چەقیبن یان لە خەونێکی قوڵدابن نوێ بوونەوەیان ئەستەم بێت,مەگەر ڕووداوەکان هەندێ جار ئاگاداریان کاتەوە وەك لە پاش خۆپیشاندانەکان  بە ئەندازەی ئەو ماوە کەمەی کە هەندێ سات لەپڕدا دەبن بە خاوەنی دەیان کۆمپانیای گەورە,نموونەیەکی دیکەی زیندووی بلاّو ئەو هەموو رێکخراوە پاشکۆیانەی حیزبەکانە کە نەیان توانیوە بە پێی پێویست لەتەك خواستەکانی گەنج دابن  یان بەمانایەکی دیکە ئەوانیش دەچنە چوار چێوەی فەرمانی حیزبەکانەوە بێبەش نابن لە درۆکردنی گەورە.**

**باشترین چارەسەر و دەرچوون لەم گەندەلی بێ پلانە ئەوەیە کە ئەم حیزبانە بیگرنە بەر دانانی بریارێك بێت کە لەپەرلەمان دا قسەی لەسەر بکرێت و بکرێتە بابەتێکی زیندووی نێوەندی دیالۆگ و بە خاڵە نێگەتیڤەکانی دا بچنەوە (هەرچەند پەرلەمان زۆری ماوە بگاتە ئەوەی بتوانێت شتێك بکات بەناوی چاکسازی)**

**بڕواناکەم لە هیچ کۆمەڵگەیەك دا حیزب  بە ئەندازەیحیزی  کۆمەڵگەی کوردی  خۆیان ناشرین کردبێت (لەگەڵ رێزم بۆ هەموو  خەبات و سەروەریەکانیان) مەبەستی سەرەکیم ئەو کەسانەیە کە بەشدار نەبوونە لەخەبات و میزەڵدانێکیشیان نەتەقاندووە کەچی شانازی بە ڕابردوویانەوە دەکەن و ئێستاش لە پۆستێك دان کەدەبوو جێگای کەسانێك بوایە لە رۆژە ڕەشاکان دا سەختی ژیانیان دیووە .**

**ئەوەی حیزب والێدەکات بەرەو کاڵبوونەوە بڕوات بوونی ئەو کەسانەیە لە شوێنە هەستیارەکان دا کەدەکرا دوور بوونایە لە کاری حیزبی ,حیزب لای ئێمە دەچێتە ناوەندەکانی خوێندنەوە و لە مزگەوتەکان داا هەوڵی پەیداکردنی ئەندام دەدات, دەبێت چ چاوەروان بکرێت لە زانکۆکان کە بە دامەزراوەیەکی ئەکادیمی ناوزەد دەکرێت زۆرترین گەندەڵی بەرهەمەدێنێت.**

**درۆ و گەندەڵی دوو چەمکن کە لە زۆرینەی ڕۆژنامەو سایتە سەربەخۆکان دا قسەی لەسەر دەکرێت و ماوەیەکی زۆرە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دەیکەنە کرۆکی باسەکانیان , ئەفسووس تا هەنووکە نەیتوانیوە کاری خۆی بپێکێت تەنیا وەك تەوەرێك باس دەکرێت و هیچ کام لە حیزبەکانی ئێمە وەك پێویست نەیان توانیوە گۆڕان کاری لە ئەجێندا و پرۆگرامی خۆیان دا بکەن کە دەبوو بکرانایە بەر لەوەی کارەساتەکە ئاڵۆز بێت................................**

omargalal2004@yahoo.com